# ئێستا کاتی دیبلۆماسییەتە



خەسرو پیربال
Pirbal@hotmail.com

ئێستا کاتی دیبلوماسییەتە، ڕستەیەک بوو کە سێ جاران لە لایەن خاتوو کوندالیزا ڕایسەوە دووپات کرایەوە ، لەکاتێکدا لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکی وەکو میوانێک دەربارەی گەلێک لەگرفت و بەرنامەی سیاسی ئیدارەی ئەمریکیەوە بەتێروتەسەلیەوە لێدوا ، لەکاتێکدابوو ڕایس وەکو وەزیرێکی نویی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بە فەرمی بەرپرسیاریەتی خوی جێگیر دەکرد لەپێش یەکێک لە گرینگترین گرووپی دەسەڵاتدار لە ئەمریکادا .

کوندالیزا ڕایس بەشێوەیەکی چڕو پڕ هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای دەستنیشان کرد.

لەپێش هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی پیرانی و چاوی هەموو کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی جیهانی سێ جار باسی لە قوناغێکی نوی کردو ووتی : (ئێستاکە کاتی دیبلۆماسییەتە، وئەرکی هەرە سەرەکی دیبلوماسییەتی ئەمریکا لەوە دەبینین کە ببێتە کەناڵێک بو پەخشکردنی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی لە جیهاندا ) .

لەوانەیە بە دەستبەکاربوونی کوندالیزا ڕایس – وەکوو وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ، سیاسەتی ئەمریکا لە جیهان ، پێی بهاوێتە قوناغێکی نوێ و سیاسەتێکی تر بۆ قوناغێکی نوێ پەیڕەو بکرێت.

خاتوو ڕایس ، یەکێک بووە لە و هاوکارە چوست و زیرەک و جەربەزانەی دەوربەری سەرۆک جورج بوش لە ڕابردوودا ، وە ناسراوە بە لەخوبردوویی و گوی ڕایەڵی تەواوی بو جۆرج بوش .

بەدەستنیشانکردنی لەلایەن سەرۆکەوە بۆ پوستی وەزیری دەرەوە ، ئیدارەی ئەمریکا ئازادی تەواوی بەخشیەوە، کوندالیزا ڕایس بو ئەوەی سنوور و خاڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی نوییی ئەمریکا بکێشێت ، پێدەچێت متمانەی تەواوی سەرکردایەتیشی پێبەخشرابێت .

ئەمڕوکە بەگوێرەی تێڕوانین و بەرنامەی سیاسی ڕایس – ، شەڕی ئەمریکا تەواو بووە ، ئەمڕوکە وادەبینرێت کە لە جیهان بەگشتی فورسەتی نوی هاتوتە پێشەوە وە دەبێت سیاسەت و دیبلوماسییەتی ئەمریکی ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بو پەخشکردنەوەی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی لە دوونیادا .

پێدەچێت بە دەستبەکاربوونی کوندالیزا ڕایس ، بۆ پوستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ، ئەمریکا سیاسەتێکی نوی لە جیهان بەگشتی و لە ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست، وە شەڕی دژ بە تیرۆر خاو ببێتەوە و ئەمریکا سیاسەتی خوی بگوڕێت ، لە جیاتی ناردنی هێزو چەک و شێوازی هەڕەشەکردن ، شێوازی دیبلوماسی بو چارەسەرکردنی کێشەکان ببێتە سیمای دیبلۆماسییەتی ئەمریکا و قوناغی کوندالیزا ڕایس .

(ژمارە:٥٢٢) ٢٠٠٥/٢/٣